# کۆسپەکانی بەردەم گەشەی

**کێشــە و کۆسپەکانی بەردەم گەشــەی هەمەجۆری لاوان چیین؟ ئایا لاوان پەراویز خراون؟ بۆچــی زۆرجار هێما بۆ ئەوە دەکرێ کە گەنج لــە کۆمەڵگەی کوردی و بەتایبەتی لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە لە هەرێمی کوردســتان، پەراوێزخراون؟ ئایا لاوان لە ناوەندەکانی**

**پێویستە حکومەت مامۆستا و پسپۆڕی بیانی بۆ گرنگیدان بەتواناکانی گەنجان بهێنێ**

**بەراورد بە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆرترین ڕێژەی گەنجان بەهۆی پرۆژەی تواناسازی بۆ دەرەوەی وڵات ڕەوانە کراون، بەڵام زۆربەیان منداڵی بەرپرسان و خاوەن واسیتەکانن**

**زۆربەی گەنجە پلەدارەکان کەسانی بێهێزن**

هەردی سەعد مامۆستای زانکۆیەو کێشەی گەنجان بە کێشەیەکی «زۆر مەترســیدار» ناو دەبات و دەڵێت «لەم هەرێمە هیچ جۆرە بەرنامەیەك بۆ بــرەودان بە تواناکانی گەنجان نییە، چونکە جگە لەوەی گرنگی بە گەنج نادرێت، حزبە سیاسییەکانیش تەنیا هەوڵیان داوە پێگەی سیاســی خۆیان لەناو چینی گەنجاندا بەهێز بکەن. لەڕاســتیدا ناتوانین بڵێین حکومەتی هەرێم پۆســتی بە گەنجان نەبەخشیوە، بەپێچەوانەوە هەرێمی کوردستان لە ئاستی ناوچەکە و جیهانیشدا زۆرترین ڕێژەی گەنجی لەپۆستە باڵاکاندا هەیە، وەك دەبینین جگە لە هەرێم لەهیچ وڵاتێکی جیهاندا تەمەنی ٢٥ ساڵ نەکراوەتە ئەندامی پەرلەمان، ئەوەش نیشــانەی پێشکەوتن نییە، بەڵکوو ئەوە بۆ ئەوەیە کە خۆڵ بکرێتە چاوی گەنجانەوە، چونکە ئەگەر حکومەت راســت دەکات، با گرنکی بەتواناکانی گەنجان بــدات، کردنی گەنج بــە پەرلەمانتار، یان بەڕێوبەری گشــتی نابێتە هۆی چارەســەری کێشــەی بایەخ نەدان بــە تواناکانیان، ســەرجەم ئەو گەنجانەی کە پۆســت و پلەی حکوومی، یان حزبییان پێبەخشراوە، بەهۆی ئەوەیە کە خزمێکی پۆستێکی گەورەی هەیە و پشتگیری دەکات، بۆیە زۆربەی گەنجە پلەدارەکانیش کەسانی بێهێزن».

**پرۆژەی تواناسازی گەنجانی نائومێد کردووە**

هەردی پێشــنیار دەکات بۆ گرنگیــدان بەتواناکانی گەنج پێویستە حکومەت مامۆســتا و پسپۆڕی بیانی لە وڵاتانی ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ئاســیاوە بــۆ گەنجان بهێنێ هەتا هەموو گەنجان بەبێ جیاوازی ســوودی لێوەربگرن، نەك وەك ئەوەی ئێســتا تەنیا کۆمەڵێکــی دیاریکراو لــە گەنجان بەنــاوی پــڕۆژەی تواناســازییەوە ڕەوانەی دەرەوەی وڵات دەکرێن، بە بڕوای من پرۆژەی تواناســازی زیاتر گەنجانــی ڕووبەڕووی نائومێدی کردووەتەوە، چونکە کەمینەیەك لە گەنجان لەو پڕۆژەیە سوودمەند دەبن. ئەو کەمینەیە رەوانەی ئەوروپا و ئەمریکا و میسر و لوبنان دەکرێن و لەکەشوهەوایەکی ئارام و لە هوتێلی گرانبەها و لە کەناری دەریاکان ژیان بەسەر دەبەن، هاوڕێیەکانیشیان، چونکە کەسانی بێ واسیتەن، دەبێت بۆ خوێندنی زانکۆش لە دووکانەکاندا شــاگردی بکەن، ئەمە خۆی لەخۆیدا گرفتێکــی دەروونی بۆ گەنجان دروستکردووە».

**سیستەمی پەروەردەیی گەنجی بەتواناو داهێنەر دروست ناکات**

عەلی کەریم سەرۆکی ئەنیستیتۆتی کورد بۆ مافەکانی مرۆڤ، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت «دەسەڵاتی سیاسی ستراتیژییەتی کارکردنی لەســەر پەروەردەرکرنی گەنجــان نییە، رەنگە ناو بەناو لە راگەیاندنەکان باس لە گەنجان بکرێت، بەڵام تەنیا باســکردنە و هیچ شــتێکی دی نییە، بۆیە بەشێکی زۆر لە گەنجانی ئێمە بەدەست بێ بەرنامەیی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەناڵێنن، چونکــە لەبنەڕەتەوە حکومەت ســتراتیژێکی بۆ ڕێکخســتنی کارەکانی نییە. خاڵێکی دیکەش کە بۆتە هۆی ئەوەی ســوود لە تواناکانی گەنجان وەرنەگیرێت، خراپی سیســتەمی پەروەردەییە، چونکــە سیســتەمی پەروەردەیی لەکۆمەڵگــەی ئێمە گەنجێك دروست ناکات کە کەسێکی بەتواناو داهێنەر و لێهاتوو بێت».

**گەنجانی خاوەن پۆست حزبین و لە مەینەتەکانی گەنج نازانن**

شــێروان محەممەد عەلی قوتابی قۆناغــی چوارەمە لەکۆلێژی ئەدەبیــات، ئەو ڕایوایە «پرۆژەی تواناســازی هەیەو بەراورد بە وڵاتانــی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت زۆرترین ڕێــژەی گەنجان لەم هەرێمــەوە بۆ دەرەوەی وڵات رەوانە کراون، بەڵام زۆربەیان منداڵی بەرپرســان و خاوەن واســیتەکانن». گوتیشی «دەستنیشانکردنی گەنجانیش بۆ پۆســتە بــاڵاکان مانای ئەوە نییــە کە گرنگی بەگەنج دراوە، ڕاستە بەشــێك لە بەڕێوبەرە گشتییەکان گەنجن، تەنانــەت وەزیر و ئەندام پەرلەمانی گەنجیشــمان هەیە، بەڵام ئەم شــتانە هیچ خزمەتی گەنجان نــاکات، چونکە ئەوان مەینەتەکانــی گەنج نازانن چییــە و بە فەرمانی حزب



گوڵان: کۆمەڵایەتی

# لاوان و ڕێکارەکانی چارەسەریان

**بڕیاردانی سیاسی و یاسایی و ئیداری پێگەیان لاوازە؟ ڕێکارەکانی چارەسەری قەیرانی کێشەو گیروگرفتی گەنج چین؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتە وەڵامی ئەو پرسیارانەی گوڵان دەدەنەوە.**

پۆستیان پێدراوە».

ئەو قوتابییە بە پێویستی دەزانێت «بە شێوەیەی نۆرمەتیکی گرنگی بە گەنجان بدرێت، لە بناغەوە کاریان بۆ بکرێت، هانیان بدرێ لەبوارە جیاوازەکاندا کار بکەن و دەرفەتیان بۆ بڕەخسێنن، نەك گەنجێك بکرێت بە وەزیر، چونکە شتێکی حاشاهەڵنەگرە گەنجێك ناتوانێت پۆستێکی گەورەی وەك وەزیری بەڕێوە ببات، بۆ نموونە لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران پێویستە تەمەنی لە سەرووی ٦٥ ساڵ بێت، یان لە بەریتانیا ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران بەهەمان شێوە پێوستە تەمەنی سەرووی ٦٠ ساڵ بێت، بەڵام لەکوردستان تەمەنی ئەندام پەرلەمان ٢٥ ساڵە و خزمەتی بە گەنجیش نەکردووە، چونکە پۆستی باڵا پێویستی بەوەیە کە ئەو کەسە شارەزاییەکی تەواوی لەگشت کایە جیاوازەکانی ژیان هەبێت».

**کارەسات ئەوەیە لەشکرێك**
**لە گەنجانی خانەنشین دروست بکرێ!!**

کەمال تەها وەك پسپۆڕێکی ئابووریناس جەخت لەوە دەکاتەوە کە «گەورەترین زیانی ئابووری لە وڵاتی ئێمە بەهۆی فەرامۆشکردنی چین و توێژەکانە، چونکە هەر چینێك لەگەنج و بەساڵاچوو، تەنانەت کەمئەندامیش لەڕووی ئابوورییەوە دەتوانن ببنە پایەکی گرنگ بۆ پێشکەوتنی وڵات».

گوتیشی «حکومەتی هەرێم لەجیاتی ئەوەی گرنگی بەگەنجان بدات بۆ ئەوەی ببنە کەسێکی بەرهەمهێن، لەشکرێکی لە گەنجان بە پلەی ڕاوێژکار بەڕێوەبەری گشتی خانەنشین کردووە، واتە دایاندەمەزرێنن و دواتر بە مووچەیەکی خەیاڵی خانەنشینیان دەکەن، ئەمە خۆی لەخۆیدا کارەساتە، لەجیاتی ئەوەی گەنج بکرێتە کەسێکی بەرهەمهێن، دەکرێت بەکائینێکی بەکاربەر، ئەمەش نموونەیەی زۆر زەقە کە هەموان دەیبینین حکومەتی هەرێم سەدان گەنجی کردۆتە بەڕێوبەری گشتی و ڕاویژکار و دواتر خانەنشینی کردوون، لەهەموو وڵاتێکی جیهاندا ڕاوێژکار، یان ئەندام پەرلەمان پێویستە تەمەنی لە سەرووی ٤٠ ساڵ بێت، بەڵام لە کوردستان گەنج هەیە تەمەنی ٣٠ ساڵە ڕاوێژکاری وەزیرە».

ئەو ئابووریناسە گرنگیدان بەگەنجی گوندنشین زۆر بە پێویست دەزانێت، چونکە «ئەوان کەسانی بەرهەمهێنن و دەتوانن ببنە کائینێکی گرنگ بۆ کۆمەڵگە، بەپێچەوانەوە حکومەت ئەوان فەرامۆش دەکات و گرنگی بەو کارە پیرۆزەی ئەوان نادات، کە کشتوکاڵ، یان شوانکارییە، دەچێت لە دام و دەزگاکاندا دەیانکاتە فەرمانبەر، بەمەش کەسانی بێ بەرهەم دروستدەکات».

**هەرێمی کوردستان لە ئاستی ناوچەکە و جیهانیشدا زۆرترین ڕێژەی گەنجی لە پۆستە باڵاکاندا هەیە**

**پڕۆژەی تواناسازی زیاتر گەنجانی ڕووبەڕووی نائومێدی کردووەتەوە، چونکە کەمینەیەک لە گەنجان لەو پڕۆژەیە سوودمەند دەبن**



# ئەدای پەرلەمان و حکومەت لە زامنکردنی مافەکانی ئافرەت چ خوێندنەوەیەکی بۆ دەکرێ؟

**زۆر جار لەلایەن دەزگا حکوومی و حزبی و مەدەنییەکانەوە، بانگەشەی ئەوە کراوە کە دەبێت توندوتیژی خێزانی بنبڕ بکرێ، یان ئاستی هۆشیاری تاک بەرامبەر بە نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی بەرزبکرێتەوە، زۆربەی پەرلەمانتارانیش خوازیاری ئەوە بوون کە کۆمەڵگەی کوردی لە پیاوسالاری بەرەو مرۆڤ سالاری هەنگاو بنێ، بۆ ئەو مەبەستەش چەندین یاسا لە پەرلەمانی کوردستان دەرکران، بەڵام ئایا ئەو یاسایانە هەڵە و کەموکورتی تیایە، یان شێوەی جێبەجێ کردنی ئاڵۆزە و نەریتەکانی کۆمەڵگە لەمپەریان بۆ دروست دەکات؟**



گوڵاڵە پشدەری وەك چالاكوانێكی دیاری كۆمەڵگەی مەدەنی، یەكێك لە هۆكارەكانی بەرفراوان بوونی جیاوازیی ڕەگەزی لە كۆمەڵگەی كوردی بۆ «ڕۆڵی لاوازی ئافرەتی پەرلەمانتار» دەگێڕێتەوە و دەڵێت «ساڵانێكە چاوەڕوانی ئەوەین خانمانی ناو هۆڵی پەرلەمانی كوردستان وەكو نوێنەری گەل كار بۆ نەهێشتنی جیاوازیی ڕەگەزی بكەن، بەڵام بەداخەوە زۆربەیان دژ بە مافەكانی خۆرسكی خودی ئافرەتان كاریان كردووە، یان بەكار هاتوون. بۆ نموونە لە دانیشتنەكانی ڕۆژانی ٢٧ و ٢٨ی مانگی ١٠ی ساڵی ٢٠٠٨ بە دڵەڕاوكێیەكی زۆر گوێگری تاوتوێكانی خانمانی پەرلەمانتار بووم لە پەرلەمانی كوردستان كە سەبارەت بە پڕۆژەیاسای باری كەسێتی، بڕگەی فرەژنی و جیابوونەوە گفتوگۆیان دەكرد، زۆر بەداخەوە هەندێكیان پشتگیرییان لە فرەژنی كرد، داوایانكرد، كاتێك پیاو هاوسەری نەزۆك بێت، یاخود نەخۆشییەكی درێژخایەنی هەبێت، بۆی هەبێت ژنی دووەم بێنێت. ئەوە لە لایەك، لە لایەكی دیكەوە یاسا هەبووە، لە بەرژەوەندیی ئافرەت پەسەند كراوە، بەڵام جێبەجێ نەكراوە، نموونەی یاسایی شاهیدی ژن لە دادگا، كە ژن بە یەكسان لەگەڵ پیاودا بە شاهید دەشێت، بەڵام بەداخەوە دوای ماوەیەكی زۆر لە تێپەڕبوونی تا ئێستاش نەهاتۆتە قۆناغی جێبەجێكردن، یاخود بۆ نموونە لە شارێك كاری پێدەكرێت، بەڵام لە زۆر شاری دیكە ئەم بڕگەیە لەلایەن دادگاوە نەهاتۆتە باری جێبەجێكردن.

گوڵاڵە لە درێژەی ئاخافتنەكەیدا هێما بۆ ئەوە دەكات كە «ڕێژەی نەخوێندەواری و كەماسی لە بواری ڕۆشنبیری ئافرەتاندا لە ئاستێكی زۆر نزمدایە»، گوتیشی «لە كوردستانی ئازادكراو لە بواری نوێسازی وڵات لە هەموو لایەكەوە پێشكەوتنی بەرچاو دەبیندرێ و حاشای لێناكرێ، بەڵام ڕووداوەكانی توندوتیژی خێزانی دەیسەلمێنن لە بواری ئافرەتان و مسۆگەركردنی مافەكانیان كاری ئەوتۆ نەكراوە».

گوتیشی «بۆ هاتنە كایەی وڵاتێكی پێشكەوتوو پێویستە تاك تێیدا بە ئازادی بیر و ڕا و بەبێ جیاوازیی ڕەگەزی پەروەردە بكرێ، دەبێت خاوەن بڕیار و دڵنیایی ژیان و دەستەبەری كۆمەڵایەتی بێت، دەبێت خۆی بە چاودێری دەسەڵات بزانێت، بۆ ئەوەی پێویستە حكومڕانییەكی باشی هەبێت و چاكسازییەكانی بەردەوام بێت.

د. محەممەد شوانی مامۆستا لەكۆلیژی ئەدەبیات

بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سەلاحەدین، سەرەتا ئاماژە بەوە دەکات کە «دەرکردنی یاسا و پەیڕەوکردنی پەیوەندی بە ڕەوشی کۆمەڵگەوە هەیە. وڵاتێك کە هێشتا ئازاد نەبووبێت و ئەو کەلتوور و ئاکارە نەتەوەییەی کە هەیە، خۆی هەڵی نەبژاردبێت، بەڵکو بەسەریدا سەپابێت، بێگومان زەمینەی جێبەجێکردنی یاساکانیشی نابێتە رووکاری پێشکەوتن، چونکە بە لاساییکردنەوەی یاساکانی کۆمەڵگەکانی تر دروست بووە»، گوتیشی «دەکرێ بەسوود وەرگرتن لەیاسا پێشکەوتووەکانی وڵاتانی دیکە رەوشی کۆمەڵگە پێش بکەوێت، بەڵام ئەگەر واقیع و رەوتی کۆمەڵگەکەمان لەو ئاستەدا نەبێت یاساکە جێبەجێی ناکرێت، باشترین هەنگاو بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە پشت بەخۆ بەستنە بۆ بەرزکردنەوەی رەوشی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە و گۆڕینی سیستەمی ژیانی تاکەکان و جێبەجێکردنی بنەما مرۆییەکان، چونکە ئێمە لەلایەك داوای نەهێشتنی توندوتیژی دەکەین و لەلایەکی دیکەوە هێشتا کۆمەڵگەکەمان کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارییە، هێشتا لایەنی دینی و لایەنی دابونەریتی کۆمەڵایەتی زاڵە بەسەریدا و مۆرکی خێڵەکی و دەرەبەگایەتی پێوە دیارە، کۆمەڵگەی واش بەگشتی پیاوی خۆش دەوێت، هەتا ئەو رەوشە نەگۆڕین، دەرکردنی یاسا نەك بۆ ئافرەت بەڵکو بۆ پیاویش سوودی نابێت، بەتایبەت ئەو یاسایانەی کە پەیوەندی بە ژیانی رۆژانەی ئاسایی خەڵکەوە هەیە، لەوانە چۆنیەتی کارکردن، چۆنیتی دامەزراندن، چۆنیەتی رەخساندنی هەلی کار، چۆنیەتی پەروەردە و خوێندن».

پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. رێزان عەلی مامۆستا لەبەشی دەروونزانی کۆلیژی پەروەردە، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت «کێشە ئەوەیە ئەو یاسا و رێنماییانەی کە لەوڵاتانی دیکە وەردەگیرێن، بەدواداچوونی ئەوەی بۆ ناکرێت، کە ئایا لەگەڵ کەلتوور و نەریتی کۆمەڵگەی کوردیدا دەگونجێن یان نا، لەکاتێکدا بمانەوێ و نەمانەوێ کوردستان لەڕووی هۆشیاریی تاکەکانەوە بەرامبەر بە ئافرەت و مافەکانی لەگەڵ وڵاتێکی وەکو ئەمریکا و سوید و وڵاتانی پێشکەوتووی دیکە زۆر جیاوازە، لێرەدا پێویست دەکات کۆمەڵگە لەئاست ڕۆڵ و پێگەی ئافرەت زیاتر هۆشیار بکرێتەوە، چونکە ئافرەت لە ئێستادا زۆربەیان لەیەك کاتدا دوو ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن، لەدەرەوە شانبەشانی پیاو کاردەکەن و ئەرکی ماڵەوە و بەخێوکردنی منداڵیشیان لە ئەستۆیە، بەڵام بەداخەوە لەوڵاتانی دواکەوتوو بە کوردستانیشەوە ئافرەت هەر پاشکۆی پیاوە و هەرچەند پۆستی بەرزیشی هەبێت، لەکۆتاییدا بە پلە دوو دادەنرێت».

د. رێزان چارەسەری ئەو قەیرانە کۆمەڵایەتییە لەدوو هەنگاوی گرنگدا دەبینێت، یەکەم: هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بەهەردوو ڕەگەزەوە، دووەم: زیاترکردنی رێژەی ئەندامانی ئافرەت لەپەرلەمانی کوردستان، گوتیشی «بەحوکمی ئەوەی یاساکان لەپەرلەمانەوە دەردەچن و بڕیاریان لەسەر دەدرێت، بەپێویستی دەزانم رێژەی ئافرەتانی پەرلەمانتار زیاتر بکرێت، چونکە ئافرەت زیاتر لەئێش و ئازار و موعاناتی ئافرەتی بەرامبەری تێدەگات».

لەلای خۆیەوە مامۆستا فەرمان خەرابەیی پێش نوێژ و وتار خوێنی ئایینی، سەبارەت بە یاساکانی پارێزەری مافی ئافرەتان دەڵێت «هەر یاسایەك کە دەردەچێت، ئەگەر موخالەفەی دەقێکی قوڕئان نەبێت، خزمەت بە یەکگرتوویی و تەبایی خێزان بکات و زوڵم و ستەم لەسەر ئافرەت هەڵبگرێت، ئەو یاسایە لەڕووی شەرعەوە یاسایەکی قبوڵکراوە، تەنانەت ئەگەر ئەو یاسایە لەجیاتی پەرلەمانی کوردستان لەپەرلەمانی ئەمریکاش دەرچووبێت، ئیسلام پشتگیری لێدەکات، چونکە توندوتیژی لەسەر ئافرەت ناهێڵێت، بەمەرجێك مرۆڤەکان لەناخی خۆیاندا جێبەجێی بکەن، چونکە ئەگەر لەناخەوە نەبێت، هیچ یاسایەك ناتوانێ ناخی خەڵك بگۆڕێت و بە زۆر ئەوە بسەپێنێت»، نموونەشی بەوە هێناوە کە «زۆرجار پیاوێك لەگەڵ هاوسەرەکەی خراپە، کە هەوڵی لەگەڵ دەدرێت، رەنگە لەبەرچاوی خەڵك باش ببێت، بەڵام لەماڵەوە خراپەی خۆی هەر دەکات، ژنەکەش بەهۆی نەریت و عەیبە لەناو خەڵکی باسی ستەمی پیاوەکەی ناکات»، گوتیشی «بەهەرچەندە یاسای توندوتیژی خێزانی هەندێ موخالەفەی شەرعی تێدابوو، بەڵام شتی باشیشی تێدابوو، بەڵام جێبەجێبوونی یاساکان بۆ خودی کەسایەتی و ئاستی هۆشیاریی تاکەکان دەگەڕێتەوە، لەئایینی ئیسلامدا توندوتیژی بوونی نەبووە و بەهیچ شێوەیەك رێگە نەدراوە ستەم لەئافرەت بکرێت، خودای گەورە فەرمانی بەپیاو کردووە کە ئەگەر لەگەڵ ژنەکەی لەیەك گەیشتنیان نەبوو، نابێ ئازاری بدات، بەڵکو بۆی هەیە بەڕێزەوە تەڵاقی بدات، بەهەمان شێوە ڕێگەی بەئافرەتیش داوە ئەگەر هاوسەرەکەی بەدڵ نەبوو، بەپێی شەرع لێی جیاببێتەوە».

**هەرچەندە یاسای توندوتیژی خێزانی هەندێ موخالەفەی شەرعی تێدابوو، بەڵام شتی باشیشی تێدابوو**

**لەوڵاتانی دواکەوتوو بە کوردستانیشەوە ئافرەت هەر پاشکۆی پیاوە و هەرچەند پۆستی بەرزیشی هەبێت، لەکۆتاییدا بە پلە دوو دادەنرێت**

**دەکرێ بەسوود وەرگرتن لەیاسا پێشکەوتووەکانی وڵاتانی دیکە رەوشی کۆمەڵگە پێش بکەوێت، بەڵام ئەگەر واقیع و رەوتی کۆمەڵگەکەمان لەو ئاستەدا نەبێت یاساکە جێبەجێی ناکرێت**

**رێژەی نەخوێندەواری و کەماسی لە بواری رۆشنبیری ئافرەتاندا لە ئاستێکی زۆر نزمدایە**



# کچانی پەروەردەکراوی ئەمڕۆ ئافرەتانی سەرکەوتووی سبەی دەبن

**ئافرەت خودانی هێزێکی رۆحی و جەستەییە کە تەنیا لە کاتی تووڕەبوون و دڵنەوایی پیاو دەتوانێت هەستی پێبکات**

**لە پەروەردە هیچ جیاوازییەک لە نێوان منداڵی کوڕ و کچ نییە، بۆیە دەکرێت منداڵی کچ هەر لە سەرەتای تەمەنییەوە وەکو بوونەوەرێکی سەرەکی و وەبەرهێن و بڕیاردەر سەیر بکرێت**

**زۆر جار باسی نەوەی دوارۆژ دەکرێ، یان دەگوترێ دەکرێ کە ئاییندەی وڵات لە دەستی منداڵانی ئەمڕۆدا دەبێت، بەڵام لە گشت کۆمەڵگە نەریتییەکان ئەو دروشمانە بە زۆری ڕەگەزی نێر دەگرێتەوە و کچان لەو ئامانجانە جیا دەکەنەوە، هەر ئەو جیاوازییە ڕەگەزییەش کۆسپ و لەمپەری زیاتر لە بەردەم پەروەردە و راهێنانی کچ دەکات، بۆیە چالاکانی مافی مرۆڤ جەخت لــەوە دەکەنەوە کە ئەگەر ئــەو جیاوازییە ڕەگەزییانە بنبڕ بکرێــن، کچانی پەروەردەکراوی ئەمڕۆ، ئافرەتانی سەرکەوتووی سبەی دەبن.**

**ژینگەی تاك ڕەنگدانەوەی راستەوخۆی لە کەسایەتیدا هەیە**

شــەنگە هاوار کاکەیی پێیوایە «سروشــتی مرۆیی لەبواری دەستنیشــانکردنی ئافرەتی پێشــەنگ کۆمەڵێك پێوەر دەخاتە بەرچاو، لەوانە: راستگۆیی، متمانە و باوەڕ بەخۆبوون و هەروەها جددییەت و دەستپاکی و بڕوابوون بەمافی یەکسانی، جەختیش لەوە دەکاتــەوە کە «کاتێك ئەو کۆمەڵــە بەهایە لەئافرەتێکدا کۆبووەوە، بێگومان ئەو ئافرەتە پێشــەنگە، ئەگەر دایك بێت، ئەوا دایکێکی ســەرکەوتووە لە بەڕێوەبردنی ئەرکی دایکایەتی خۆی، هاوکات ئەگەر هاوســەربێت، بێگومان هاوســەرێکی ســەرکەوتووە، گرنگ نییە ئەو ئافرەتە لــە چ پلەوپایەیەکی کۆمەڵایەتی بێت.

شەنگە لە درێژەی رادەربڕینەکەیدا دەڵێت «لەڕاستیدا ژینگەی تــاك ڕەنگدانەوەیەکی راســتەوخۆی لەخودی چەســپاندنی کەسایەتی ئێمەدا هەیە، بەڵام ئەگەر لەسەرەتاوە ژینگە ئامادە نەبوو ئەم مەرج و پرەنســیپانە پەیڕەو بکات، ئەوا مانای ئەوە نییە کە ئافرەت چۆك دابدات و ئاڵای سپی هەڵبکات.

**بەبێ جیاوازیی ڕەگەزی ئافرەتی پێشەنگ دروست دەبێت**

«قسەکردن لەســەر منداڵ، چ کچ بێت، یاخود کوڕ، یەکسەر بواری پەروەردەمــان بیر دەهێنێتەوە، چونکە باوان هەمیشــە گرنگی بە فێــرکاری و ئەخلاق و پەروەردەی منداڵان دەدات، هەروەها خێزان، هاوڕێ، قوتابخانە، ئایین، راگەیاندن هەر یەك بە جیا و بــە پێوەری خۆی کاریگەرییان لەســەر پەروەردەی منداڵ هەیە و ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لەدروستکردنیدا». ئەوە قسەی کارزان ســاڵح بوو، ئەو وەك رۆژنامەنووسێك نیگەرانی خۆی لەوە دەردەبڕێت کە «هێشــتا لــە کۆمەڵگەی کوردی منداڵ وەکو پێویست بایەخی پێنەدراوەو جیاوازیی ڕەگەزیش لە بەردەم ســەرکەوتنی کچان کۆسپێکی زەق و دیارە»، گوتیشی «لە وڵاتانی پێشکەوتوو پێیانوایە ئایندەو داهاتوویان لە دەستی

منداڵەکانیاندایە، بۆیە بەبێ جیاوازی ڕەگەزی گرنگییان پێدەردی، دەبێت دان بەوەشدا بنێن کە سیاسەتی پەروەردەیی ئەوان لەڕووی پێگەیاندنی تاکەوە لە هی ئێمە زۆر باشترە، هەرکاتێک کۆمەڵگەی ئێمەش بە بێ جیاوازی ڕەگەزی گرنگی بە پەروەردەی تەندروستی منداڵ بدات، ئەوا دەتوانین تاکی پێشەنگ دروست بکەین، ئەو کات دەبینین ئەو تاکە پێشەنگ و سەرکەوتووانە نیوەیان کچان و ژنانن».

## پێویستە ئایین لە دەستووری وڵات جیا بکرێتەوە

ڕووفیا ڕەمەزان، کۆمەڵناس و چالاکی بواری مافی ئافرەتان لە وڵاتی سوید، سەبارەت بە هەمان پرس ڕایوایە «بۆ ئەوەی ژن بتوانێت لە کۆمەڵگە وەك کەسی پلەدوو سەیر نەکرێت، دەبێ گۆڕانکاری بنەڕەتی لەسیستەمی پەروەردە و سیستەمی دەستوور و یاساداناندا بکرێت. چونکە مەرجی بنەڕەتی بۆ ئاڵوگۆڕی پێشکەوتووانە لەهەر کۆمەڵگەیەکدا گۆڕانی سیستەمی کۆنی پەروردەی ئەو کۆمەڵگەیەیە. دەبێت سیستەمێك بێتەئاراوە کە هەر لەسەرەتا و لە پرۆسەی گەورە بوونی منداڵەوە تاکەکان لەگەڵ یەکسانی ڕەگەزیدا ئاشنا بکات و پاراستنی مافی تاکەکان چ مێینە و چ نێرینە بە ئەرکی تاکەکانی کومەڵگە دابنێت، بەبێ ئەم شێوازەی پەروەردە و بنەماکانی یەکسانیی ڕەگەزی قەت ناتوانین بەتەمای ئەوە بین کە ژنی پێشڕەو لە کۆمەڵگە پەروەردە بکرێت، تەنانەت ئەو ژنانەش کە توانیویانە بەسەر سەدان کۆسپی سەر ڕێگەیاندا زاڵ بن و خۆیان پێبگەیەنن، لەکومەڵگەی پیاوسالار و دژی ژندا ڕێگەیان پێنادرێت».

ڕووفیا لە درێژەی ڕادەربڕینەکەیدا بە پێویستی دەزانێت و دەڵێت:«هەتا ئایین لە دەستووری وڵات جیا نەکرێتەوە، شتێك بەناوی سیستەمی یەکسانی نێوان ڕەگەزەکان دروست نابێت، قسەکردنیش لەسەر مافی ژنان کاریگەرییەکی بنەڕەتی نابێت».

## دەبێت منداڵی کچ وەکو بوونەوەرێکی سەرەکی و وەبەرهێن و بڕیاردەر سەیر بکرێت

غازی حەسەن، سەرنووسەری سایتی kdp، ئاماژە بەوە دەکات کە کاتێك بمانەوێت باسی گەشەکردنی ئافرەت لەڕووی فسیۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی بکەین، دەبێت باسی پێکهاتەی کۆمەڵ و کاریگەرییەکانی لەسەر تاك و خێزان بکەین. دەبێت باسی بەرهەمهێنان و کاریگەریی ئابووری لەسەر کەسایەتیی ئافرەت و کاردانەوە سایکۆلۆژیای ئەو بوونەوەرە کۆمەڵایەتییە بکەین. گوتیشی «ئافرەت هێندەی بەخشندەیە، دە هێندەش کۆمەڵێك نهێنی لەناخی خۆیدا شاردووەتەوە، نهێنییەکانی ئافرەت ئەو هێزە گەورەیەی تیایە کە دەتوانێت گەورەترین و مەزنترین پیاوە دەسەڵاتدارەکانی دونیا ڕایی بکات، دەبێت لە بیری نەکەین ئافرەت خودانی هێزێکی ڕۆحی و جەستەییە کە تەنیا لە کاتی تووڕەبوون و دڵنەوایی پیاو دەتوانێت هەستی پێبکات. بەڵام ئافرەت لە ڕۆژهەڵاتدا بوونەوەرێکی ڕاتەکێنراوە هەندێکجار وەکو کەلوپەل سەیری دەکرێت، هەروەها ڕەنگە هەندێك لە حاڵەتەکانی ئافرەت بوون لە ڕۆژئاوا و هەندێك کۆمەڵگەی پێشکەوتووش دووبارە بێتەوە. تەنیا لە هەندێك لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان ئافرەت وەکو جوانی، لەشولاری و شۆخی بۆ کاری ڕیکلامکردن و سووکایەتی و هەرزان فرۆشیش بەکار بێت. لەمجۆرە کۆمەڵگەیانە ئافرەت دەستەمۆی ئابوورییە، دەستەمۆی پارە و پێداویستییەکانی ژیانە، چونکە لەوێ دەبێت وەکو پیاو و کوڕ خۆی خۆی بژێنێت. هەروەها کار بۆتە یەکێك لە لایەنە گرینگ و سەرەکییەکانی ژیانی هەر تاکێك لە ڕۆژئاوا و ئەمریکا. بۆیە دەڵێین: (ئافرەت کۆیلەی هێزی ئابووری و کار دەبێت). لە ڕۆژهەڵاتیشدا ئافرەت کۆیلەی باوکسالاری و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دەبێت. دیارە ئەمانەش لەدەرئەنجامدا دەرکەوتەی پێشکەوتنی ئابووری کۆمەڵگەن. ئەگەر سەیری ئابووری کوردستان لە دەساڵی ڕابردوو بکەین، دەبینرێت بزاڤێکی فرە و هەتا گۆڕانکارییەکی گەورەش لەمەڕ کەسایەتیی ئافرەت لەژێر کاریگەری بەجووڵەکەوتنی بازاڕ و پێویستی دەستی کار و کرانەوەی کۆمەڵایەتی لە ئەنجامی باڵابوونی پێویستی ئابووری و ژیان، دەرفەتێکی نوێ لە کۆمەڵگە هاتۆتەئاراوە، ئافرەت دەبێت، لەماڵ دەرکەوێت و لە شوێنە گشتییەکان کار بکات. لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئەگەر پەروەردەی ئافرەت هەر لە منداڵییەوە دەست پێبکات، چ کاریگەرییەکی لەسەر پێکهاتەی دەروونی و کۆمەڵایەتی و داوڕۆژی دادەنێت؟ غازی حەسەن گوتی «منداڵی کچ ئەگەر لە قۆناغی ساوایی و هەروەها سەرەتای ژیانییەوە بایەخی پێبدرێت، بێگومان دەبێتە کەسێکی بەهێز و خودان بڕوایەکی پتەو. بەڵام لە پەروەردە هیچ جیاوازییەك لە نێوان منداڵی کوڕ و کچ نییە، بۆیە دەکرێت منداڵی کچ هەر لە سەرەتای تەمەنییەوە وەکو بوونەوەرێکی سەرەکی و وەبەرهێن و بڕیاردەر سەیر بکرێت، دەبێت نیشان نەدرێت کە ئەو کچە بۆیە دەبێت هەمیشە لە پەنا و پەسێوان دەرکەوێت، یان لە ناو خێزان و لە ژووری قوتابخانە، لە گەشتوگوزار و دەرچوون پلەدوو بێت، نابێت هەمیشە وەکو کەسێکی سەرکوتکراوی دەمکوتکراو مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

غازی ئاماژە بە وتەیەکی جان جاك ڕۆسۆ دەکات کە دەڵێت: منداڵ پێویستە لە باوەشی سروشت پەروەردە بکرێت، هەموو ئەو ئافرەتانەی بە سروشتی و لە نێو خێزانێکی کراوە و یەکسان گەشە دەکەن، ئافرەتێکی خاوەن ئیرادە و بەهێز دەبن. گوتیشی «تەنیا ئەگەر سەیر بکرێت، ئەو ئافرەتانەی لە دیوەخان و لە نێو کۆڕی پیاوان بەشدارن، خودانی کەسایەتییەکی بەهێز و کاریگەرترین لەوانەی دیوارێکی بەرز و پۆلاینیان لە نێوان پیاو وئافرەت بۆ دروستکراوە. دیارە ئەمە لە منداڵیش هەمان ڕۆڵ دەگێڕێت. لە وڵاتێکی وەکو ئەمریکا منداڵی کچ هەمان ماف و زەمینەی بۆ خولقێندراوە کە منداڵێکی کوڕ هەیەتی.

